# مرۆڤ...

سالّح محەممەدئەمین

دیسان دووکەڵ بەشاردا کراو ووروووژێنرایەوە، دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵب بەرپابوو.. چی بەقەرەوێڵکەوە بەستویتێوە، کەی ئەوەندە بە ئارام بوویت و جێگەت بە خۆت گرتووە، بۆ ڕاناپەڕی، هەر هیچ نەبێ پچۆرە بەر پەنجەرەکەو بزانە چی ڕوویداوە، کێ دەڵێ فلیمەکەی نیسان دووبارە نابێتەوە؟.. کێ دەڵێ ها ئێستا ها تۆزێکی دی نابیتەوە بە قەڵاو پەنات بۆ ناهێنرێ؟.. دانیشتوانی گەڕەك هەموو خۆتئاسایی مووچەی مانگانەیان لێبڕێ لە برسا ووشك هەڵدێن. نەك هیچیان ئۆتۆمۆبیلیان نییە بەڵکو پارەی بەکرێگرتنشی شك نابەن تا لە ڕۆژێکی وادا خۆیانی پێدەرکەن.. خۆ لەو بەسەرهاتانەدا قەرز بە "خوا"دانیش بە بیری کەسدا نایەت.. هەموو چاویان تێبڕیویت! بوویتەتە خدری زندەو خوا بۆیانی نازڵ کردوویت. ئەی وا نەبوو؟ هەموو بە پاڕانەوەو لاڵانەوە دەرکەیان لێنەگرتی تا ڕزگاریان کەیت؟ وەك ئەو لۆرییە گەورەیە هی خۆت بێو هیچ مافێکی ئەوانی پێوە نەبێ. "نە"یەکی تۆ پشکۆیەکی گەشاوەبوو بە جەرگی گەورەکاندا دەچزا، سکی دایکانی هەڵدەقرچاند، دڵی مندالانی لەو ترسە گەورەیەدا دەهێشتەوە کە هەر هەموویانی لووشدابوو. بەڵام تۆ لەوانە نەبوویت، دەتزانی لۆری لۆری خۆیانەو تۆش شوفێریت، ئەی ئەوانە خێزانی کرێکارانی کارگەکە نین؟ ژن و پیاویان بە خۆڵی تووتنەکەی سنگیان دانەڕزاوە؟ ئیتر ئەو کارەی تۆ چ منەتێکی تێدایە؟ ئەوان بۆچی بەو جۆرە داوای مافی خۆیان دەکەن؟. بۆیە ڕاست ماڵو منداڵو هەموو پێویستییەکانیانت، لەتەك ئەوەکانی خۆتدا بارکردو بەرەو شەقامە چۆڵەکەی، کە پەککەوتەو ماندوو پیرو ئەوانە پێیانەوە گیرۆدە ببوون کەسی دی پێوە نەمابۆوەو، ئەوانیش لەترسی جێمان و بە ئەنفال کردنێکی دی تۆقیبوون، ڕەنگیان پەڕیبوو. تۆش تا ئۆتۆمۆبیلەکەتت کردە لۆری جەژنانی منداڵی خۆت، پەککەوتەکانیانت هەڵدەگرت. زرمەی تۆپ نزیك شاریببۆوە، جارجار ڤڕەی فرۆکەشتان بەرگوێ دەکەوت، بۆیە هەموو دڵیان ببووە چۆلەکەیەکی ماندووی سەر دەستی بکوژەکەی و لەسەر هەزار لێیدەداو، پەلەیان لێدەکردی. تۆش بە ئاوابوونی شارت، چاوەکانت لە دوورەوە وێنەی ژنێکی لاقبڕاوی، ناو بەرگی خەستەخانەیان شتەوە کە بە هەردوو دەست هانای بۆ دێنای، توانای ڕۆیشتنت نەما. لۆرییەکەت کەلاخست، ئەو هەموو هاوارو قیژو ووڕەی لە ناوییەوە بەسەرتا دادەباری بڕیارەکەتیان هەڵنەوەشاندەوە. یەك دوو کوڕیانت بانگکرد تا پێکەوە ئەو لاقبڕاوەی بە خوێنەکەیدا دیاربوو، جۆری بێرە گەیاندنەکەی، ڕیسی دوکتۆری لاقبڕیان کردبۆوە بە خوری. "هەڵیگرن و بیخەنە ناو لۆرییەکە". هەر کە نزیکتان خستەوە، هەموو لێتبوونە خاوەن لۆرىو بەجارێك دەمی بێزاریان لێبەردای: "جێگە کوا؟ بۆکوێی دێنن؟ ئێمە خۆمان بە هەزار حاڵ..." ئەو قسانە لای تۆ قەڵب و بێنرخ بوون، بۆیە بێئەوەی هیچ وەڵامێکیان بدەیتەوە خۆت هاویشتە ناویان و، هەرچۆنێك بوو جێگەیەکی دەرهەق بەو زەمانەت بۆ دییەوەو، بەرەو ڕووی یەك دوو ژنی کارامەشت کردەوە.. تا دەهات ناڵەی تۆپ و ڤڕەی فرۆکەتان لێنزیکتر دەبۆوە.. ئەوانەی لە دوێنێ ئێوارەوە دەرچووبوون کۆتایی قافڵەکەیان بەدی نەدەکرد، ئێوەش پێتان وابوو سەرەتای نەبێ.. پێت پێوەنا، گەیشتنە "عەربەت"، لەوێ بەرایی جەنجاڵی کۆچڕەوەکەی لەشەوێوە بەڕێکەوتبوون پەنگی خواردبۆوە. وەك لێزمەی مانگی بەختەباران بەسەر ئێوەی تینووی بینینی هاودەردەکانتانا بباری.. لە هەموو لایەکەوە جۆگە ئاسا دەڕژانەوە سەر ڕووبارە سەرەکییەکە. ئەوان پشووی خۆیان دابوو گوڕیان لە قۆناغێکی دی بەستبۆوە، تۆ نەوەستایت چونکە کات بەسەر چووبوو. بەر لە گەیشتنە "سەید سادق" کە جەنجاڵی زۆرو تێکچڕان لەوێ بوو، تاك تاکە ئۆتۆمۆبیلت جێدەهێشت، دوای

©kurdistan.net

دابەزینتان، مێروولەی ڕێچکە بەستووئاسا لەتەك یەکدیدا هەڵوێستەتان دەکرد، بەڵام کەم و زۆر شتێکی واتان بەدەستەوە نەدەدەا. پیرەژنەی نەخۆش یەك دوانێکی لای خۆیانی بەدیکردو داوایکرد بانگیان کەن، ئیتر ئەویش کەوتە ناو کەسوکاریی.

تۆ دوا بڕیاری خۆتت دابوو، پێنجوینەکەی شوێن باو و باپیران خۆتبگرە وا هاتم، ئای لە ئاوە سازگارو میوە تەڕوبڕەکانی چوارباخ و بلکیانی، ئێستاشی لەسەربێ تامیان لەبن دانتایە. بەڵام جەندرمەکان پێیان ڕەوا نەدین. زوو لەوێ هەڵکەنران، زۆر سەیرە دوای ئەو هەموو ساڵانە گەلێجار هەر کە چاو لێکدەنێیت خۆت لەناو بەفرە سپییە بێگەردو ئەستوورەکەی زستانیو بەهارە دوورو درێژەکەی ئەو کوێستانەدا دەدییەوە. مەلەی هاوینی کەم تەمەنی سەر چەمەکەیت وەبیر دەکەوتەوە. خەتکوژێنی هەموو ئەو کارەساتە جەرگبڕانەی ئەم چەند ساڵە تەنیا پیتێکی نووسراوی ئەو سەردەمەتیان پێنە سڕرابۆوە. هەر ڕێك وەك هاوتەمەنانی ئەو کاتەت لەگەڵدا گەورە بووبن و لێکدانەبڕابن. تەنانەت "حەمە سدیق"ە تاك قۆڵەکەی چەند ساڵ لە ئێوە هەڵکشاوەتر، لە خەونەکانتا وەك ئێستای خۆت بەدی دەکەیت.. سەری گلۆڵەی ڕێگەت گرت و ئەمجارەیان کارامانەو لەسەرخۆ گلۆڵەیەکی نوێت لێهەڵدەکرد، گلۆڵەیەك کە مەگەر هەر خۆت بزانی چی لە نێوان داوە سفتە هەڵکراوەکانیا حەشاردراوە.. دەمەو ئێوارە تاوە بارانێکی وا دایکرد کە ناچاربوویت لە ڕۆخی شەقامەکەدا ڕایگریت، هەموو وەك لە بۆردومانی فڕۆکە هەڵێن، گورج دابەزین و خۆیان بەبن لۆرییەکەدا کرد. ئەو هەمووە چۆن لەو ژێرە جێگەی خۆیان کردەوە، سەرت سوڕما، باشە بابڵێین خۆیان تەڕ نەبوون ئەی پێخەف و شتەکانیان؟ تاوی بەهارە، ئەمجارەیان خایاندی، ڕەنگە بێجێگەییو ناخۆشییەکە ساتی لێ بە سەعات کردبن.. خۆر دەرکەوتەوە، لە پەنجەرەی دەرگای لۆرییەکەوە پیایاندا دەتڕوانی، هەر یەکە بووکە بەبارانێیەکی ووشکە ساڵێك بوو.

پێخەف و شتەکانتان داگرت، ناو لۆرییەکەتان چاك خاوێن و ووشك کردەوە، چادرەکەتان بەسەریا دا، ژوورێکی گەورەی دیوەخان ئاسای لێدەرچوو. ئەو شەوەتان لەوێدا گوزەراند. چەند ئاگرێکی باشتان کردەوەو خۆیان و نوێنە تەڕەکانیان لە بەردا کزر کردەوە.. شەوەکەی ئەگەرچی جل و بەرگ و نوێنەکان شێیان هەبوو، بەڵام تێکخزانەکەو تینی ئەو چەند ئاگرەی بە خۆت و چەند هەرزەیەك کە "ئاکۆ"ی کوڕت یەکێکیان بوو، تا دەمەو بەیان خەریکی خۆشکردنی بوون، گەرمی پێدەبەخشین. هەر چۆنێك بوو پاڵتان بەو شەوەوە نا...

کە لە پێنجوین جێگیربوون، ڕۆژانە بە دەیان "مین"، کە قارچك ئاسا لە زۆربەی ناوچەکەدا بە ئاستەم سەریان دەرکردبوو دەتەقینەوە. هەندێکیان لاق و دەستیان دەپەڕاندو گریان و شیوەنیان لێدەکەوتەوە. نامەردت نەکەن سەربازیت کردووەو شتێك لە هەڵگرتنەوەیان فێربوویت.. ئەوماوەیە دە دوانزە هەزارێکیانت هەڵگرتەوە. ناجسنێکیان باش خۆی بەدەستەوە نەداو تۆڵەی ئەوانی تریشی لێسەندیتەوە. بەپەلە پڕووزێ گەیاندیانیتە نەخۆشخانە ئەهلییەکەی سلێمانی، چونکە ئەوکات شار دامرکابۆوەو گفتوگۆ هاتبووە ئاراوە. کاری ئەو دوکتۆرە ڕاستبێ کە بە سەدو نەوەت و ئەوەندە دینار دەستێکیانتی لە مەچەکدا بڕییەوەو، تاکە یەك پەنجەشی بەوی تریانەوە بۆ هێشتیتەوە، "باڵابەرزە"ی دەستە چەپت بووە تاقانەی هەردووك. خۆ برینەکانی لەشیشت ئەوە هەر مەپرسە..

سێ ڕۆژی بەسەردا ڕۆیشتووە، بۆیە هەست بە زۆری ئازارەکەت دەکەم، گەر وا نەبوایە ئەم زرم و ووڕە دەری دەپەڕاندی.. وا منداڵەکان بە پرتاو بە ژوورکەوتن. سەیریانکە ڕەنگیان پێنەماوە، سەیرکە چۆن تۆقیون، دەبێ چیبێ؟ بانگیانکە بزانە چی قەوماوە، پێتوابوو ئەو زرمەزرمە تەقینەوەی مینە. نەخێر گرمەی تۆپ و هاوەنە، دەڵێی دیسان هامشۆو چوونە دەرەوەیان لەو خەڵکە قەدەغەکردووە؟.. ناڵەی ئەمجارەیان کەڕی کردی، گرمە لە ماڵەکەتان هەستا، دووکەڵ و تەپ و تۆز لە ژوورەکانەوە

دەرپەڕی، ئاگر بەربۆوە، چاوت نییە نابینی؟ ئەها سەیری کوڕەکەت چۆن کلّپەی سەندووە، گوێت لە قریشکەیەتی، ڕاستبەوە پەلاماری بەو بیکوژێنەوە، چاو چۆن لە زەوییەکە دەگەوزێ، سەیرکە بزانە چۆن گرمۆڵە بووەو بۆتە تۆپەڵە گرێك، ڕاپەڕە دایكیو منداڵەکان توانایان بەسەر کوژاندنەوەیدا ناشکێ، خۆیان قەتیس ماون و گڕەکە وەك گورگی برسی شاڵاو بۆ ئەوانیش دەبا، کوڕە ڕاپەڕە خۆ خەریکە دەگاتە تۆش.. ئۆخەی ڕاستبوویتەوە، حەپەساوییەکەت بەری دایت، جا خۆ دەستت نییە چی دەکەیت؟ هاوارکە: "کوڕە خەڵکینە فریامان کەون، کوڕەکەم دەسووتێو هیچم بۆ ناکرێ. دراوسێینە پیاوی چاك بن.. بیرتان چۆوە من چۆن..." نەکەی قسەی وا بەدەمتا بێت، چاکە بەڕووی کەسدا مەدەرەوە، پێویست ناکات.. ئەها وا لە هەورەبانەکەوە هاتن، تازە هیچتان بۆ کوڕەکە پێناکرێ، ئەو توایەوە فریای خۆتان کەون..

هاوارەکانت کەڵکیان نییە، ناڵەی هاوەن دەنگی تۆ کپ دەکات. خۆشت نازانی چۆن گەیشتیتە کۆڵانەکەو جەرگیشت لە ژوورەوە هەڵقرچا، مەگەر هەر خۆت هەست بە ئازارەکەت بکەیت.. مەوەستە، تازە ئاکۆ جوانەکەت مۆم ئاسا توایەوەو دۆزەخی ئەو دونیای لێرە بۆ داخراو بووە قەربرووت، ڕێچکەشکێن بە، ڕاستە لەشت نایکا، بەڵام دڵنیابە هەر ئەوەندەی خەڵکەکە چاویان پێتبکەوێ ڕووەو ڕەبییەکە ڕادەکەیت، ئیترخۆیان بۆ ناگیرێو بە لێشاو دوات دەکەون و ئەو مشکانەی ئەوێش دەتۆقن و هەڵدێن. برۆ، ئەها لەشت واسڕبووە چی ئازاربێ تیایدا نەماوە، کلّپە دەرونییەکەت داوە ئاوریشمەو لە زام و ئازارەکانی ئاڵاون خپیانکردووە. ڕاکە زیاتر تین بەرە خۆت.. دە ئەمجا ئاوڕێك بدەرەوە بزانە چیت دواکەوتووە؟ چیم پێووتی؟ سەیری ئەوانیش کە بزانە چۆنچۆنی هەندێکیان هەڵدێن و بەشێکیشیان ئاڵای سپی خۆ بەدەستەوە دانیان بڵندکردۆتەوە. لەمەشیاندا بەستەڵەك شکێن بوویت..

گەڕایتەوە، خەڵکێکی زۆر دوای کوژاندنەوەی خانووەکەت بەدیار کوڕە هەڵقرچاوەکەتەوە دانیشتبوون.. نەکەی بگریت، چی توانای جارانت و ئێستاتە بۆ دروستکردنی بەربەستێکی دڵۆپڕ بخەگەڕ. نەکەی بەزەیی کەس لەخۆتەوە بئاڵێنی، چونکە کاتییەو زوو لێت دادەماڵرێ، بەڵام خۆگریو زیندوێتی لە تەکتا دەژین و بەزەییو سۆزیان دەبەزێنێ. وریابە خۆ بەدەم دەریای مەینەتیو بێوورەییەوە نەدەیت، گەر وابکەیت ئەوا هەرچیت کردووە دەیسڕیتەوە.. وا نەبەردانە خۆبگرە، کارەساتەو هاتووە، با ڕەشەباکەی نەتچەمێنێتەوە، بەوەش قسەکەی خۆت کە یەکبینە دەیڵێیتەوە، دەسەلمێنیت "مرۆڤ لە هەمووی بە تواناترو مەزنترە."..

سلێمانی

ئەیلوولی ١٩٩٢

©Kurdistan.Net